# چەند خزانێك لە ڕێی فێربوونی زانستی شەرعیدا

بەشی سێیەم

م/ جمعه علی خورشید

**الحمد الله والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه اجمعين ومن تبعهم باحسان الى يوم الدين،وبعد :**

**خزانی سێیەم / كردەوە نەكردن بە زانست و تاوان كردن :.**

ئەم ڕەوشتە بەڵایەكی گەورەیە لە سەر بەندە ، بەڵكو گەورەترین دەردی فێرخوازە، بە بەردەوامی زانایان و بانگەواز كاران دەست پێش خەربوونە بۆ ڕوون كردنەوەی شوێنەواری ئەم دەردە لەسەر ئوومەتی ئیسلام بگرە لەسەر مرۆڤایەتی بە تێكڕا.

زانایان لەم بارەیەوە ڕێنمایی زۆریان هەیە ئێمەیش لەم بارەیەوە باسی هەندێ بەڵگەی شەرعی دەكەین ،وەلە هەموو بەڵگەیەك ئاشكرا تر كە بەردەوام ویردی سەر زمانە كاتێ بەندە هیوا وئومێدی ڕەزامەندی پەروەردگارە و سورەتی فاتحە دەخوێنێت داوا دەكات ڕێنموونی بكات بۆ سەر ڕێگای ڕاست و بیپارێزێت لە ڕێچكەكانی غەزەب لێگیراوەكان وگومڕاكان﴿ **اهدنا الصراط المستقيم صراط الذين أنعمت عليهم غير المغضوبِ عليهم ولا الضالين**﴾[1].

واتە / پەروەردگارم هیدایەتمان بدەیت بۆ ڕێگای ڕاست ، ڕێگای ئەوانەی كە نیعمەتت بە سەریاندا ڕشتووە نەك ڕێگای ئەوانەی كە غەزەبت لێ گرتوون و ئەوانەی كە گومڕان .

وە ئەگەر بێت و ڕێگای گومڕاكان كردەوە كردن بێت بە نەزانین ئەوا ڕێگای غەزەب لێ گیراوەكان هەروەكو چۆن ( **ابن كثير** ) دەفەرمێت: غەزەب لێ گیراوەكان ئەوانەن كە نیەتیان بۆگەن بووە وڕاستیان زانیوە بەڵام كردەوەیان پێ نەكردووە . وە ئەم بەڵگەیە تاقانە نیە لە قورئاندا بەڵكو چەندەها بەڵگەی ترهەیە، وەكوخوای گەورە دەفەرمێت:﴿ **واتلُ عليهم نبأ الذي آتيناه**

---

(١)- (الفاتحة:٦-٧).

**آياتنا فانسلخ منها فأتبعه الشيطانُ فكانَ من الغاوين ولو شئنا لرفعناه بها ولكنه أخلد إلى الأرض واتبع هواه فمثله كمثل الكلبِ إنْ تحملْ عليه يلهثْ أو تتركْه يلهثْ﴾**(٢) .

واته / ئەی محمد(ﷺ) هەواڵی ئەو کەسەیان بۆ بخوێنەرەوە کە توانامان پێ بەخشیبوو لە زانیاری ئەو ئایەتانەی کە بۆ پێغەمبەرەکەمان دامان بەزاندووە، ئەویش خۆی لێ داماڵی هەر وەکو چۆن مرۆڤ خۆی لەجل و بەرگەکەی دائەماڵێنێ. واتە: لێی دەرچوو بە کوفر وە بوو بە دۆستی شەیتان و سەرلێ شێواو بوو، وە لەوانە بوو کە گومڕا بوون ،وەئەگەر بمانویستایە بەو ئایەتانە سەربەرزمان ئەکرد بەڵام چۆکیدانا بۆ زەوی و دونیای ویست و پێی ڕازی بوو،وە شوێنی هەواو ئارەزوی خۆی کەوت ،نمونەی ئەم کەسە وەك سەگ وایە ئەگەر هەڕووی لێ بکەیت هەر زمان دەردێنێ ،وە وازیشی لێ بێنیت هەر زمان دەردێنێ بە هەناسە بڕکێ .

(٢)- (الأعراف:١٧٥-١٧٦).

کردەوە نەکردن بەزانیاری هۆیەکە بۆ نەمانی زانیاری، وە ئەبێتە ( **حجة** ) لە سەر خاوەنەکەی بۆیە پەروەردگار سەر زەنشتی ئەو کەسانە دەکات کە حاڵیان بەم شێوەیە بێت کەدەفەرمێت :

**﴿ يا أيها الذين آمنوا لم تقُولُونَ ما لا تفْعلُونَ كبر مقْتا عند الله أنْ تقُولُوا ما لا تفْعلُونَ﴾**(٣) .

واتە / ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە بۆچی شتێك ئەڵێن کە بە کردەوە ئەنجامی نادەن، گەورە بوو کین (**بغض**)ی خوای گەورە کە وتەیەك بڵێین بە بێ کردەوە کردن پێی .

وە ئەفەرمێت : **﴿ أتأمرونَ الناس بالبر وتنسونَ أنفُسكُم وأنتم تتلُونَ الكتاب أفلا تعقلُونَ﴾**(٤) .

واتە : ئایا ئێوە فەرمان بە خەڵکی ئەکەن بە چاکە و خۆتان لە بیر کردووە لە کاتێکدا ئێوە کیتاب (**التوراة** ) ئەخوێننەوە بۆ تێ ناگەن، هەر بۆیە پێشینی ئەم ئوممەتە زۆر سور بوون لە سەر کردەوە کردن بە زانستەکانیان،

(٣)- (الصف:٢-٣).
(٤)- (البقرة:٤٤).

ئـەوەتا عبـدالله ی كـوڕی مـسعود (ڕەزای خوای لێ بێت) دەفەرمێت :ئەگەر یـەكێك لە ئێمە( صـەحابە ) فێـری ( دە ) ئایـەت ببوایەئەوا تێ ناپەڕی لەسەری تاواتاكانی نەزانیایە و كردەوەی پێیان نەكردایە .

وە ئیمامی علـی (ڕەزای خـوای لـێ بێـت) دەفــەرمێت: زانــست بانگــەوازی كــردار ئەكات ئەگەر هات بـە پـیری یـەوە باشـە، ئەگـــەر نـــا زانـــست بـــار ئـــەكات و ئەچێت،چونكە زانیاری و كردەوە جـووتن یان هـەردووك كۆدەبنـەوە یـان هـەردووك نامێنن وە ئەگەر زانیارییەك هەبوو بە بێ كردەوە ئەوە ئەبێت بە ( **حجة** ) بەسـەر خاوەنەكەیەوە لە دواڕۆژدا.

كردەوە كردن بە زانیـاری یارمـەتی دەرە بـــۆ جـــێگیر بـــوونی زانـــست ،وە بـــۆ سەلماندنی ئەم ووتەیە: بۆ تاقی كردنەوە ئـــەو ویردانـــەی كەبـــە بـــەردەوامی دەی خوێنیتەوە لە شەوو ڕۆژدا و لـە بـەیانی و ئێوارەدا وەیـان فەرمـوودەیـەك كـە باسـی سونەتێكی تێدایە .......... هتد ئەگەر كردەوەی پێ بكەیت لە بیرت ناچێت.

وە تـاوان كـردن ئافـاتێكی گەورەیـە بـۆ فێرخــوازی زانیــاری شــەرعی وە گومــان لەوەدا نىیە كە تـەقوا و بـەردەوام بـوون لـە سـەر شـەریعەت و پابەنـد بـوون بـە قورئان و سوونەتەوە چـەكێكی گرنگـە، پێویستە لە سەر فێرخواز هەرگیز پشتیان لــێ نــەكات بــۆ ئــەوەی ڕەزامەنــدی پــەروەردگار بەدەسـت بهـێنێ و ڕوونـاكی زانیاری و بەرەكەتەكەی لە دەست نەچـێ خوای گەورە دەفـەرمێت :﴿ **واتقُوا اللـه ويعلمكُم الله والله بِكُل شيءٍ عليم** ﴾[٥] .

واتــە / تــەقوای خـوا بكـەن بـە دانـانی پـــەرژینێك لـــە نێـــوان خۆتـــان و ســـزای پـــەروەردگار بـــە جـــێ بـــەجێ كردنـــی فەرمانـەكان و خـۆ پاراسـتن لـە قەدەغـە كراوەكان ئەوكاتـە خـوای گـەورە فێرتـان دەكـــات، وەپـــەروەردگار زانایـــە بـــە هەمووشتێك.

هاوەڵانی پێغەمبـەر﴿ﷺ﴾لەگـەڵ تـەقواو دەست گرتنیان بە قورئـان و سـوننەتەوە ترسیان هـەبوو لەوەیكـە ڕۆژی قیامەتـدا ڕایان بگرن و پرسـیاری زانیـاری یەكـەیان لێ بكەن ئایـا كردەوەیـان پـێ كـردووە ؟ یان نا ؟

(٥) - (البقرة:٢٨٢).

**ابــو درداء** (خـــــواى لىَ ڕازى بێـــــت) دەفەرمێت : ( بە ڕاستى ئەترسێم لەڕۆژى قيامەتـداپێم بووترێـت زانـا بوويـت يـان نــەزان ؟ ئــەڵێم : زانــا، هــيچ ئايــەتێك نامێنێت لە قورئاندا كە فەرمان بێت يان قەدەغە كردن ، دێت بۆ لام وپرسيارم لـێ دەكات ئـەو ئايەتـەى كەفەرمانـە پرسـيار دەكات پابەنـد بـووى ؟ وە ئـەو ئايەتـەى قەدەغــە كردنــە پرسـيار دەكـات ئايــا خۆپـارێز بوويت ؟ دەى پـەنا ئـەگرم بـە خوا لە زانيارى يەك كە بێ سود بێت )[٦].

هەروەها ( **ابو درداء** ) (خواى لێ ڕازى بێت) دەفـەرمێت: ( ( لاتكون عالما حـتى تكون بـالعلم عـاملا ) ) نابيت بـە زانا تاوەكو كار بە زانيارى نەكەيت )[٧] .

بەرهەمى زانيارى كردەوەيە، وە زانيـارى بـە سـود ئەوەيـە كـە شـوێنەوارەكەى بـە ســەر خاوەنەكەيــەوە دەبينرێــت كـــە ڕووناكىيەكە لە ڕوخساردا، و ترسێكە لـە دڵدا،و بەردەوام بوونێكە لە ڕەوشـتدا ،وە ڕاسـت گـۆى يـە لەگـەڵ پـەروەردگار و خەڵكى و خۆيدا .

حەسـەنى بەصـرى(ڕەحمـەتى خـواى لێ بێت) دەفەرمێت: پياو ماوەيـەك بـە دواى زانـستدا دەگـەڕا هێنـدەى پــێ ناچــوو هەســـتى پـــێ ئـــەكرا لـــە خـــشوع و هەڵسوكەوت وزمان وچاو ودەستى دا[٨] .

بۆيـە پێويـستە لـە سـەر فێرخـواز كـە كۆشش بكات بـۆ وازهێنـان لـە تـاوان كـە دەبێتــە يارمــەتى دەر بـۆى بۆبەدەســت هێنـــانى بەرەكـــەتى زانيـــارى و دڵــسۆزى تێيدا ،چونكە تاوان دڵ تاريك دەكـات وە دڵى تاريـك ڕوونـاكى زانـستى تـێ ناچـێت مەگەر بە گەڕاندنەوە بۆ لاى پـەروەردگار و ڕاست كردن لە گەڵيدا.

وە پێــشينە چــاكەكان دەيـــان زانـــى كەوازهێنان لە تاوان بنەمايەكـە پێويـستە بـۆ بەدەسـت هێنـانى زانـست و لـە بـەر كردنى و لە بير نەچونى .

ئەگێڕنەوە لە پێشەواى پايە بەرز ئيمـامى شافيعى ( ڕەحمەتى خواى لێ بێت) كـە بە ناو بانگ بووە بە زيرەكى لەبەر كردن، سـكالاَى كـردووە لاى مامۆسـتاكەى كـە

---

(٦)- (جامع بيان العلم وفضله) ( لابن عبدالبر ) .

(٧)- (أخلاق العلماء) ( للآجري) نقلامن( آداب طالب العلم)( لأنس أحمد كرزون) .

(٨)- بڕوانە ( آداب طالب العلم) (لأنس أحمد كرزون) .

ناوی ( وەکیعی کوڕی جەراح ) بوو ڕۆژێك سستی هەبوو لە لەبەر کردن ئەویش ڕێنمونی کردووە بۆ چارەسەرکردنی بەوازهێنان لە تاوان ،وە خاڵیکردنی دڵ لە هەموو ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی دورکەوتنەوە لەخوای پەروەردگار......

ئەوە بوو ئیمامی شافیعی لە قاڵبی شیعردا ئەم ڕووداوەمان بۆ باس دەکات و دەفەرمێت :

**شَكوتُ الى وكيع سُوءَ حِفظي**
**فأرشدني الى تَركِ المعاصي**
**وأخبرني بأنَّ العَلمَ نُــورٌ**
**ونورُ اللهِ لا يُهدى لِعاصـي**[٩].

گومان لەوەدا نی یە کە پەیوەست بوونی دڵ بە دونیاوە ڕوو وەرئەچەرخێنێ لە زانست ،وە ئەو دڵەی کە تاریکە بە هۆی تاوانەوە شەیتان دووری دەخاتەوە لە یادی پەروەردگار و گەڕان بە دوای زانیاری دا تاوەکو لە یادی دەکات، خوای پەروەردگار دەفەرمێت :﴿ **اسـتحوذَ عليهم الشيطانُ فأنساهم ذكْرَ الله**﴾[١٠].

واتە / شەیتان بە سەریاندا زاڵ بووە تا خوای لە بیر بردونەتەوە . بۆیە پێویستە لە سەر فێرخواز ورد ببێتەوە لە حاڵی خۆی ،وسەرزەنشتی خۆی بکات ئەگەر خەیاڵی تاوانی هەبوو، وە خۆی بپارێزێت لە فێڵ و تەڵەکەی شەیتان لەبەر ئەوەی پەیوەندی یەکی پتەو هەیە لە نێوان زانست و کردەوە کردندا وەبە کۆبوونەوەی هەردووکیان دەروون پاك دەبێتەوە، وەکاریگەریان لەسەر پاك کردنەوەی دەرون وەك کاریگەری ئاو وایە لە پاك کردنەوەی لەش .

مالیکی کوڕی دینار (ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەفەرمێت:(( ان العالم اذا لم يعمل بعلمه زلت موعظته عن القلوب كما تـزل القطرة عن الصفا (الحجر الأملس) ))[١١] .

واتە / زانا ئەگەر کار بەزانیاری یەکەی نەکات ئامۆژگاری یەکەی دەخزێ لەسەر دڵان هەر وەکو چۆن باران دەخزێ لە سەر بەردێکی لوس .

(٩)- (ديوان الشافعى) ، بڕوانە (الجواب الكافي) (لابن القيم) .

(١٠)- (المجادلة:١٩).

(١١)- (آداب الطالب العلم) .

هەر لەم بارەیەوە ئەم دوو دێڕە شعرە بەنرخانە پێشکەش دەکەین :.

**العلمُ بَلغ قوماً ذروة الشَّرفـــــ وصاحبُ العِلمِ مَحفوظٌ مِنَ الخرف**

**يا صاحبَ العلمِ مَهلاً لاتدنســــه بالموبقات فما للعلم من خلـــف**

کۆتایی بەباسەکەمان دێنین بە ئامۆژگاری یەکی( أبو حامد الغزالی ) بۆ فێرخوازان کە دەفەرمێت :

( لوقرأت العلم مائة سنة وجمعـت ألـف كتاب لاتكون مستعدا لرحمـة الله تعـالى الابالعمل لقوله تعالى: ﴿ **وأنْ ليس للإنسان إلا ما سعى**﴾[١٢]. وقوله تعالى :﴿ **فمن كانَ يرجوا لقاَءَ ربه فلْيعملْ عملًا صالحا ولَـا يشرك بعبادة ربه أحدا**﴾[١٣] .

واتە / ئەگەر سەد ساڵ زانیاری بخوێنیت، وە هەزار کتێب کۆ بکەیتەوە، ئامادەی ڕەحمەتی پەروەردگار نابیت ئیلا بە کردەوە کردن نەبێت، چونکە خوای گەورە دەفەرمێت : هیچ پاداشتێك بۆ مرۆڤ نییە تەنها هەوڵ وکۆششی خۆی نەبێت .وە دەفەرمێت :هەر کەسێك بەهیوای گەیشتنی پەروەردگارێتی با کارو کردەوەی باش ئەنجام بدات وهیچ کەسێك نەکات بەهاوەڵ بۆ خوای گەورە لەکاتی پەرستنیدا )[١٤] .

هەروەها فێرخواز هان دەدات بۆ کارکردن بە زانست بۆ ئەوەی ئەو زانستە بەسود بێت لە دونیاودوا ڕۆژدا .

هەروەها دەفەرمێت :

( اعلم ان علما لا يبعدك اليوم عن المعاصي ولا يحملك على الطاعة لن يبعدك غدا عـن نار جهنم ، واذا لم تعمل اليوم ، ولم تدارك الأيام الماضية تقول غدا يوم القيامة : فارجعنا نعمل صالحا )[١٥] .

واتە / بزانە زانیاری یەك ئەمرۆ دوورت نەکاتەوە لە تاوان ،وەمل کەچ وگوێ ڕایەڵت نەکات سبەینێ دورت ناخاتەوە لە ئاگری دۆزەخ، وە ئەگەر ئەمرۆ کار نەکەیت وفریای خۆت نەکەویت ،ئەوا لە دوا ڕۆژدا ئەڵێیت : پەروەردگارم بمگێڕەوە بۆ دونیا بۆ ئەوەی چاکە بکەم).

والحمد لله رب العالمين.

---

(١٢)- ( النجم:٣٩) .

(١٣)- (الكهف:١١٠) .

(١٤)- ( ايها الولد) (للغزالي) .

(١٥)- هەمان سەرچاوە .